

شیعر

# ژیانێکی ڕامبۆیانە

ئازاد ئەسوەد

کتێبی ژنەفتن

٢٣

# ژیانێکی ڕامبۆیانە

ئازاد ئەسوەد

شیعر

# ژیانێکی ڕامبۆیانە

ئازاد ئەسوەد

شیعر

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: ژیانێکی ڕامبۆیانە
نووسینی: ئازاد ئەسوەد
بابەت: شیعر
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە: هەولێر، حوزەیران ٢٠٢٥
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
چاپی یەکەم: کاغەزی، ٢٠١٩
٨٣ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

## پێرست


ژیانێکی ڕامبۆیانە.......................................................٧
ڤایکینگ............................................................... ٢١
لمۆز.................................................................... ٢٤
شریقەی تفەنگێ..........................................................٢٨
یووریکا!.............................................................. ٣٠
لە سەربازە کوژراوەکەی ڕامبۆ ئەچێ.........................٣٣
هێرِ شمیدتی گۆڵفەر.............................................٣٩
ئێوارەیەک لەگەڵ (ئەدیب نادر)دا لە سۆهۆ...............٤٢
کۆیلەی ژێر ئۆقیانووس.........................................٤٥
شین....................................................................٤٨
سوبحی و سوهەیلە..............................................٥٤
پێ بە کلکی شێرێکی نووستوودا ئەنێم......................٦٤
گۆڕێکی ئەڵمانی................................................٧٢


هەواڵنامەی کتێب

## ژیانێکی ڕامبۆیانە

*بۆ هاوڕێیانی شەقامی جمهووری*

ئەم ئیستانبوڵە
نە گۆڕی وەلی دیوانەی لێیە
نە بۆنی جامانە چڵکنەکەی نالیی لێ دێ
لە کەناری مەڕمەڕەدا ئەڕوانمە ئەو کەشتییە
بزورگانەی نیگاکانی (ئۆڕهان وەلی)یان پێوەیە
بە ڕۆژ پەڕەسێلکەیەکی ژێر پردە ڕووخاوەکەی
فاتیحم
شەوان ئەبمە لاشەیەکی بەر باران، چەقەڵ و
کەمتیار تێم ئەئاڵێن

هەوڵنامەی کتێب

من بە هەڵە ڕێم کەوتە سەر ئەم گۆی زەوییە

بۆ هەسارەیەکی تر، گەردوونێکی تر ئەچووم

لە ژیانی ڕابوردووما سەگێکی لەڕولاوازی

دوورەدێیەکی هیندی بووم

بۆیە ئێستا هەموو لەشم جێبرینی قەڵماسینگە

چۆلەکەیەکی ناو قووڵاییی دارستانێکی تاریک

بووم

بۆیە ئێستا لەگەڵ هەر خشپەیەکدا دائەچڵەکێم

ئاسکێکی شەلی ساراکانی ئەفریقا بووم، کەوتمە

بەر کەڵبە و چڕنووکی چەند پڵنگێکی برسییەوە

بەرچاوم تاریک داهات، تاریکتر...

مریشکێکی نەخۆش بووم، مرۆڤێکی پێبەراز و

لمۆزدرێژ زمانی مارئاسا دەرهێنا و لووراندی و

بە بەرچاوی بێچووەکانمەوە چەقۆی بە ملمدا هێنا

هەواڵنامەی کتێب

قالۆنچەیەک بووم، پێڵاوێکی زل شێلامی و فڕێی

دامە مەنهۆڵێکی کەنار ڕێگا

مشکێکی ئاوس بووم؛ لە کون هاتمە دەر، فڕکەی

نەعلێک هات، فلیقاندمیەوە

پشیلەیەکی ڕەش بووم...

لە زەمانی ئەژدیها و دێوودرنجدا، بە تەنها لەسەر

گۆی زەویدا، بە هەر چوار پەل سەر درەختە

بەرزەکان ئەکەوتم، ڕاوەداپناسۆڕم ئەکرد و ئاگرم

لە هێلانەی ئەژدیهاکان بەر ئەدا

ئێستاش؛

دۆڵێکی وشک و تەنگی بە شاخ تەنراوم،

برووسکەش ڕووناکم ناکات

توولەڕێیەکی بە وشکەگیا پۆشراوم، ئێواران وەکو

مار ئەخزێمە ناو دەریاچەوە

هەواڵنامەی کتێب

گابەردی قەد هەڵدێریکم، نیوەم لەژێر زەویدایە،

نیوەم بە قەوزە پۆشراوە

شەیتانێکم، شەوێک لەگەڵ هەورەتریشقەدا کەوتمە

خوارێ و بە هەموو لایەکدا پەرت بوومەوە

کەللەسەرم؛ ئێسکوپرووسکی ڕزیوی گیاندارانی

پێش مێژووە

ئاوڕ ئەدەمەوە؛ گەلەگورگ دوام کەوتووە

دەرگا ئەکەمەوە؛ شێرێک پرم پیا ئەکات

ئەنووم؛ پارچەئەستێرەیەکی تەقیو شریقە لە

پەنجەرەکەم هەڵئەسێنێ

لە ژیانی داهاتوومدا ئەبمە بۆقێک، کەرکەدەنێک،

میکرۆبێک، فیلێک، ڕووەکێک، قەرشێک

ژیانم بۆ فرۆشتن؛ دوورگەیەکی تاکەکەسی لە

چەقی ئۆقیانووسێکی نووتەکدا...

ئەمرم و ئەم شەقامە نابینمەوە،

هەواڵنامەی کتێب

کچانی زانکۆ، دەهۆڵ و زوڕنای پارشێوی ڕەمەزان

ئەمرم وەک کرم و مێرووولە

ئەکەومە ژێر زبڵ و گووفەکی مێژوو

چاو ئەکەمەوە؛ لەناو گۆڕێکی تەنگ و نووتەکدام،

جرج و دووپشک تێم ئاڵاون

هاوار ئەکەم... دەمم کونەمارە، ژوورسەرم تارماییی درێژ...

لە کونجی گۆڕەوە ئەڕوانم؛

شووڕەی میزی جەنەڕاڵێکی شەڕی ناوخۆ...

تریقەی سۆزانییەک... نووزەی سەگێکی پێکراو...

لە کونجی گۆڕەوە ئەڕوانم؛

ئەم ڕێیە؛ ئەچێتەوە سەر شاری کاوبۆیان

هەوالنامەی کتێب

پشتی ئەو چیایە؛ کامپی شۆڕەسوارانی سەدەکانی

ناوەڕاستە

کۆتاییی ئەم تونێلە؛ چەتەکانی دەریا بە گوریس

هەڵئەکوتنە سەر کەشتییەکی دی

لە کونجی گۆڕەوە ئەڕوانم؛

پیرەمێردێکی نوورانی لە ئاسمانەوە ئەڕوانێتە

شەڕی خوێناویی ڕەنگەکان

حەفتاکان لە ترسی خاڵەکانی پشکنین لەناو

پێڵاوەکانما ئەشارمەوە و ڕێی ئەفسانە و قەدیسە

کۆنەکان ئەگرمە بەر؛

هێڵی ئاسنینی بێکۆتایی... تونێلە تاریکەکانی

یۆنان... فیقەی شەمەندەفەری سەدەی بیست...

کۆڵەپشت و کیسەخەو و پێڵاوی سێ حەرفەکە...

کالیمێرا ئەسینا!

هەوالنامەی کتێب

ئەچمە سەر گۆڕستانی خواوەندە دێرینەکان، لە

پاڵ دینگەکانی (ئەکرۆپۆلیس)دا، لەگەڵ پەیکەری

فەیلەسووفەکان سەمای زۆربایانە ئەکەین

شەوان خۆم بە باڕێکی هەرزان یاخود ماڵێکی

گڵۆپسووردا ئەکەم. لە پاڕکێکی ساردوسڕدا

کارتۆنی مقەبا بە خۆما ئەدەم

ئەم ئەسینایە

نە چاخانەی مەچکۆی لێیە

نە گەڕەلاوژەکەی شێخەڵڵا

چاو ئەبڕمە ئایکۆنە ئینجیلییەکانی ڤاتیکان و

شکۆی ڕۆما

لە پاڕکی پەناهەندانەوە ئەڕوانمە کۆلۆسییۆم؛

بۆن جۆرنۆ ڕۆما!

یەسووع لێرەوە تێپەڕی

ڕوانییە ناو چاوم و وتی: دوام کەوە!

هەواڵنامەی کتێب

لەنێو کۆڵەکە ڕووخاوەکان و شەقامە

بەردرێژکراوەکاندا شمشێربەدەستەکانی چاخی

ڕێنیسانس گەمارۆم ئەدەن

ئیمپراتۆر بە قاقاوە سەیری زۆرانی من و شێرێک

ئەکات

ئەم ڕۆمایە

نە ئاوی خاسەی لێیە

نە بۆنی گۆڕستانی مسەڵڵای لێ دێ

ئەگەڕێمەوە حەفتاکان؛

لە بەردەم قوتابخانەی ئامادەییدا لاوێکی ڕەشتاڵە

و کچەهاوڕێکەی، بۆرد و حەرف Tیەکەیان بە

سینگەوە نووساندووە و

چاوەڕێی پاس ئەکەن، لێیان نزیک ئەبمەوە و

دەمەتەقێ ڕۆمانسییەکەیان لێ ئەبڕم:

-ئەمناسیتەوە؟...

هەوراَنامەی کتێب

ئەگەڕێمەوە حەفتاکان؛

لە چایخانەیەکی خوار قەڵادا دەنگی هابە

لە تۆپ قاپی، حیلەی ئەسپەکەی ئاشوور

بانیپاڵ...

ئەگەڕێمەوە حەفتاکان؛

ئێوارەیەکی یەسینینی بوو، سیگاربەدەستێ، لە

مارکیز ئەچوو، لە بەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا

وەستابوو

وتیان ئەوە شێرکۆ بێکەسە. ئەمێ ڕژایە ئەو ناوە.

پەڕوتووکی فریشتە بارییە سەر شان و ملمان.

لەسەر پردێکی تەسک و بێپەرژینی بۆشاییی

ئاسمانەوە ئەڕوانم؛

بە پەلەپیتکە کیشوەرەکان لە یەک نزیک ئەکەمەوە

پەلکەزێڕینەی کەیوان ئەپێچمە قەد گۆی زەوی

هەوالنامەی کتێب

لە بۆشاییی ئاسمانەوە ئەڕوانم؛

گرووپێکی بەرزەفڕ بووین

پاش ئەوەی دنیامان گۆڕی

دەستەوپاچە دانیشتین

هاوڕێ، ئێمە لەم گەردوونەدا تەنیاین

(بەیانییەک زوو، لە زیندانی ئینزباتخانەدا؛ ئامرەکە، بە هێزێکی زلەوە، هەڵیکوتایە سەرمان. یەک یەک ئەیڕوانییە نێو چاومان و ئەیوت: تۆ!... پەنجا کەسیان لێ هەڵبژاردین. بۆ ئێوارێ بردنیان بۆ گەرماو. بۆ سبەی ڕەمییان کردن)

همسوالناصی کتێب

شەوێک، بەرەبەری کریسمس، شەقامە تەڕەکانی مانچستەرم بە پێ تەی ئەکرد، یووفۆیەک لە

نزیکما نیشتەوە. نامۆیەکی فەزای دەرەوە دابەزی
و وتی: با بچینەوە هەسارەکەی خۆمان...

بۆنی بارانی مانچستەر
بۆنی جیقنەی کۆترەکانی پیکادیلی
بۆنی بیرە و میزی هاندەرانی مانچستەر یونایتد
بۆنی کچە نیمچەڕووتەکانی دیسکۆکان
ئەم مانچستەرە
نە باباگوڕگوڕی لێیە
نە بۆنی چاکەتە کۆنەکەی عەلی مەردانی لێ دێ
ئەگەڕێمەوە حەفتاکان؛
کڵینت ئیستوود بە پۆنچۆ و جگەرەی لالێو و
بسکەپێکەنینەوە، لە سیلەی تفەنگە کورتەکەیەوە
سێرە لە پەتی ملی تووکۆ ئەگرێ

هەوڕالنامەی کتێب

ئێڵڤس پرێسلی پارچەجلی ئارەقاوی بۆ کچان

هەڵئەدا

ڤیڤا لاس ڤەیگس

ڤیڤا لاس ڤەیگس

لەسەر هێڵی شەمەندەفەر، بەرامبەر کامپی

ئاوشڤیتز، سەدەیەک دائەنیشم

ئەگەڕێمەوە حەفتاکان؛

چنگ لە قوڕاوی خاسە ئەدەم. گژوگیای بنار قەڵا

ئەکرۆژم. تاوێک لای زبڵدانی سەر کۆڵانەکەمان

ئەوەستم

قرچەی نیوەڕۆ دەست بە دەڕابەکاندا ئەهێنم.

ئێواران چاوەڕێی زەنگوولەی کەرەکانی کەریم

پۆخچی ئەکەم

(لە بەرەکانی جەنگدا، سەربازە کوردەکان، هەموو هەڵاتن. تەنها من مامەوە. وتیان تۆ نیشتمانپەروەری. منیش هەڵاتم. ڕووم لە بچووکترین ئەستێرە کرد. کە لە سنوور پەڕیمەوە تفم لە نیشتمان کرد)

هاوڕێ، نیشتمان خیانەتی لێ کردین
سروود و گۆرانیی جەنگم مەدە بە گوێدا
ئەڕشێمەوە
چیا و بەفر و دارستانم مەخەرەوە یاد
هێڵنج ئەدەم
باسی کەرکووکم بۆ بکە؛
باران بەسەر شەقامی جمهووریدا ئەبارێ
ئەچۆڕێتە ناو گۆڕەکەی مستەفا گەرمیانی

هەوالنامەی کتێب

باران بەسەر لەچک و لاملی منالآنی شۆریجەدا

ئەبارێ

ئەچۆڕێتە سەر مەقامەکانی سەلاّح داودە

هاوڕێ

سەدەی داهاتوو وەرەوە

هەموو ئەو خەڵکەی ئەیبینی

لەژێر گڵدان

هەواڵنامەی کتێب

٢٠٠٩

بەڕیتانیا

**ڤایکینگ**

وتی: «من لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەتەیەکی

ڤایکینگ بووم،

لە کەوێلێکی بازنەییی نێو جەنگەڵە چڕەکانی

سکەندەناڤیادا ئەژیام.»

قۆڵ و بازووی، تا مەچەکی، بە تاتووی ئەژدیها و

دووپشک و سیمبۆڵی سەمەرە شین ئەینواند...

سەگەکەی لمۆزی لە پانتۆڵەکەم ئەژەنی و، خۆی

بۆ ناولینگم بەرز ئەکردەوە

لە سەگەکانی فیلمی I AM LEGEND ئەچوو

دارێکی بۆ دوور هەڵدا، سەگەکەی بە دوایدا غاری

دا...

هەمەڕەنگی کتێب

تاکه گواره بچووکەکەی، له دراوێکی کۆن ئەچوو،

لەژێر گژوگیای خۆڵاوی دەرهێنرابێ

شوختی لاملی، جیٚڕمێکی دێرینه، له هێرشێکدا، له

قوللەی قەڵایەکی سکۆتلەندییەوه

به وژەوژ بەرەو ڕووی هات...

وتی: «هەر ئەم سەگەم هەبوو، نەمگۆڕیوه...»

زمانه شەقەکەی مەترێک درێژ کرد و

مارمێلکەیەکی قووت دا، که له قەد درەختێکدا ڕێی

ئەکرد...

له ئاسۆی دەریادا کەشتیگەلێکی چارۆکەدار

دەرکەوتن،

دووربینێکی درێژکۆلەی دەرهێنا و، لاچاوی گرژ

کردەوه

وتی: «من بەبێ تەور و کڵاوزرێی شاخدار و

شمشێری کورت هەڵناکەم

ئەگەڕێمەوە سەدەکانی ناوەڕاست...»

سەگەکەی پێشی کەوت، تووڵەڕێیەکی بەردڕێژی

هەوراز و تەماوییان گرتە بەر و

لە بەرچاو ون بوون...

٢٠١٠

هەواڵنامەی کتێب

## لمۆز

من هەندێ گرێگۆر سامسام

له ڕێگەدا بەرەو گۆڕ (ماڵه نوێکەم)،

شوێنچڕنووکی پێم لەسەر بەفرا جێ ئەهێڵم

پێیەکم به کلکی تیمساحێکی نووستوودا بەستراوه

دەمارەکانی دەستم؛ ڕەگی دەرپەڕیوی درەختێکی

پێش مێژووه

لەشی تەلبەندکراوم؛ کیسەڵی قوڕاویی پیا

هەڵئەگەڕێ و به پشتا ئەکەونه ناو خەرەندێکی

بێبنەوه

لەسەر گاشەبەردێک هەڵئەکوڕمێم؛ ئەنەڕێنێ و

هەڵمئەداته سەر زەوی

هەڵدێم؛ کۆبرایەک بەرامبەرم بەرز ئەبێتەوە
خۆم بە شەقامی ناو تابلۆیەکدا ئەکەم؛ ئەمبەر و
ئەوبەری بریقەی ئەڵماسە
بۆنی داری سەرئاوکەوتووی ڕۆخی ڕووبار
ئەمباتە ناو قۆزاخەیەکی داخراو
لە ناکاو؛ جیڕەی دەرگا دێ
لە ناکاو؛ قنکەجگەرەیەکی داگیرساو فڕێ ئەدرێتە
بەرپێم
لە ناکاو؛ دەستێکی بەهێز پشتی ملم ئەگرێ.

هەوالنامەی کتێب

هەندێکیش مستەر هایدم؛
شەوان لمۆز ئەپێچمە دەموچاوم و بە سۆزانییە
بەنگکێشەکان ئەلوورێنم،
باڵندەیەکی مردووی مێرووله تێوەردراو ئەخەمە
توێی کەڵبەکانمەوە و

لە گۆڕەپانێکی فوتبۆڵدا ئەینێژم

لمۆز ئەژەنمە زامی بنباڵی سەرخۆشێک؛ لەناو

چڵپاوی لاڕێیەکی تەریکدا

بە نارێکی ڕاکشاوە...

بەیانی زوو، لمۆزم لە پشت دەرگا هەڵئەواسم

چەترە تەڕەکەم ڕائەوەشێنم؛ سەگێک دائەچڵەکێ

و بە نووزەنووز هەڵدێ

لە لاپتۆپەکەمەوە نۆتەی مۆسیقا بە دوای یەکدا

دێنە دەرێ و

ژوورەکەم پڕ ئەکەن لە خاچی چەماوە

دایناسۆرێک سەر بە ژوورەکەمدا ئەکات، تێی

ئەخورم

کچێکی باڵدار لە پەنجەرەکەم ئەنیشێتەوە... لێی

نزیک ئەبمەوە، ئەفڕێ

هەوالنامەی کتێب

لە دەرەوە؛ منالآن هۆڕن لە ئۆتۆمبێلێک هەڵئەسێنن

و هەڵدێن

خۆپیشاندەران پێڵاوەکانیان بە ئالآی نیشتمان

ئەسڕنەوە...

هەندێکیش نەرسیسم؛ وێنەی خۆم لە ئاودا بە

لمۆزەوە ئەبینم...

تەمووزی ٢٠١٠

بەریتانیا

هەواڵنامەی کتێب

## شریقەی تفەنگێ

شریقەی تفەنگێ

بنارەوبنار ئەڕوا و، هەرەس بە بەفر ئەهێنێ

کارئاسک دائەچڵەکێ، غار ئەدا و ئەگەڕێتەوە، ئەبارێنێ

شوێن جەستەی ڕاکێشراوی سەر بەفری دایکی ئەکەوێ

غار ئەدا و ئەوەستێ؛ پەڵەخوێنی سەر بەفر ئەلێسێتەوە...

نیوەشەو، لەسەر تەپۆلکەیەکی بەفردا، کارئاسک؛

ئەڕوانێتە ئاگری ئەوبەری ڕووباری شەختەبەند

و

هەواڵنامەی کتێب

بارەی نەبڕاوەی؛ هەرەس بە بەفر ئەهێنێ و، درز
ئەخاتە پەیکەری خواوەندەکان.

کریسمەس ٢٠١٠

هەواڵنامەی کتێب

**یووریکا!**

ئەو کچە گۆتییە ڕەشپۆشەی، لە وێستگەی ترامدا،

داوای چەرخم لێ ئەکات

دەستێکی لەگەڵ دەستی بۆیفرێندەکەی، کە لەگەڵ

سەگەکەیدا بە نۆرە ئەلوورێنن، بە کەلەپچەیەکی

زنجیر بەستراوە

ئەڵقەیەکی تریفە لە دەوری سەری ئەخولێتەوە و

لۆگۆی کەللەسەری شەیتان لەسەر سینەیدا

ئەبریقێتەوە

تاتووی شان و پشتیم پیشان ئەدا و

ئەڵێ: ئێمە نەوەی شەیتانین...

هەواڵنامەی کتێب

بۆیفرێندەکەی (وا ئەزانم هۆمۆیە) بە کڵاوی
سانتاوە، سڵاوێکی نازییانەم لێ ئەکات،
وەکو مار ئەفیشکێنێ و، های فایڤم لەگەڵ ئەکات.
لەسەر بوتڵەبیرەی شکاودا، مایکڵ جاکسن ئاسا،
بە سەماوە بەرەو دوا ڕێ ئەکات و، چاکەتە
چەرمەکەی، کە بە دوگمەی زل پۆشراوە، لەبەریا
ئەلەرێتەوە
لە زاری کچەوە، ئاهی درێژی گۆرانییەکی وێڵزی،
وەک مێگەلەئاسک دەرئەپەڕێ
پاسکیلسوارە هوودییەکان، کە لە E.T ئەچن،
توانجی تێ ئەگرن
پەنجەیان بۆ هەڵئەبڕێ و، تاتووی مار و
زۆمبییەکانی لەشی، بە دوایاندا هەڵئەدات
بۆیفرێند و سەگەکەی، لە پاڵ دیواری باڕێکدا میز
ئەکەن

لەناو کوشکی تەلەفۆندا

(ئەو کچە گۆتییەی داوای چەرخی لێ کردم)

تاتووی سەر سمتی ئەلێسمەوە و

زمانی بە ستادەوە ئەمژم.

کریسمەس ٢٠١٠

## لە سەربازە کوژراوەکەی ڕامبۆ ئەچێ

بە خەیاڵێکی قەدبڕ

ئەگەڕێمەوە چەند ساتێک پێش ڕووداوەکە؛

منالێک بە پەڕکەی دۆلفینەوە؛ لەناو سنووقی سیحریدا دەرئەپەڕێ و ئەدرەوشێتەوە

وەکو بەچکە چیمپانزییەکی تازەلەدایکبوو بە دەوری خۆیدا ئەخولێتەوە

کوللە ئەخاتە بوتڵەوە و چوکڵەداری تیا ئەژەنێ.

جگەرەی داگیرساو ئەنێ بە چزووی دووپشکەوە.

لە قاچی مێز شمشێرێکی Star Wars ئاسا دروست ئەکا و لە تریفەی هەڵئەکێشێ. هەللووک

ئەکێشێ بە شانی پیرەمێردێکی کۆنەفرۆشدا. لە زەنگی مالآن ئەدا و هەڵدێ...

پەپوولەیەک لەسەر لێنزی کامیراکە نیشتۆتەوە،

ئەمسەر و ئەوسەری شەقام کێڵە؛

پۆلێ واشەی زل بەسەریا، نزم، ئەخولێنەوە و نینۆکی چەماوەیان لە ماری جادووگەران گیر ئەکەن

گوڵی زەبەلاح بەسەریا شۆڕ بوونەتەوە؛ سەری بنیادەم قووت ئەدەن

لەناو ئاپۆرەی کلیپە ڕەشوسپییەکەدا؛ منالێکی ڕەنگین

لە کچۆڵە پاڵتۆسوورەکەی فیلمی (لیستی شیندلەر) ئەچێ

ئەڵێی ئەسپ ڕائەهێنێ. ئەڵێی بە لمۆزی فیلدا هەڵئەزنێ. ئەڵێی مار ئاڵاوەتە ناوگەڵ و بنباڵی

وەک فلامینگۆ لەسەر یەک قاچ ئەوەستێ و باڵ ڕائەوەشێنێ. دەنووک لە زامی مێشاویی پشتی گۆدزیلا ئەدا...

پلەیستەیشن نییە

ئەوە کلکی دایناسۆڕە ڕایئەکێشی؛ وەرئەسووڕێ و پڕت پیا ئەکات

کەڵبەی شەیتانە؛ مل درێژ ئەکا و بە ڕووتا ئەنەڕێنێ

هەناسەی گەرم و سمێڵی زبری شێرە لە ڕووت ئەدا و مڕەت لێ ئەکات...

لە ناکاو؛ باڵەفڕەی هەزاران شەمشەمەکوێرە لە بەرپێی بەرز ئەبنەوە.

شریقەی بیکەیسی؛ خێراتر لە زمانی مارمێلکە، فریشتە هەڵنیشتووەکانی سەر شەقام ئەتارێنێ...

مۆسیقایەکی دراماتیکی. زیقەزیقی بنچکەگیای ژێر پێ. سێبەری تیژڕەوی قەلەڕەش لەسەر کێڵگەی گوڵەگەنم. لوورەی هەزاران گورگەمرۆڤ. بۆنی گڵی خوێنڕشێنکراو. ژیان نزیک جەنگ. یانزە ساڵی کورت...

پەڕێکی خوێناوی بە لێنزی کامیراوە ئەنووسێ.

بە دوایەوە، بەچکە فریشتەیەک ئەکەوێ

هالیلوویا

لە سەربازە کوژراوەکەی ڕامبۆ ئەچێ

خەندەی؛ خەندەی منداڵێکی نەخۆش. لە لاچەپی سینگیدا؛ کونێکی سوور

لە منداڵە قژزەردەکەی ئۆڕهان وەلی ئەچێ

لێوی؛ بۆنی دەریای لێ دێ

هالیلوویا

مریەم هالەی دەوری سەری؛ ئەخاتە بەرپێی

پەیکەرە شکاوەکەی...

گەرمیانی ١١ ساڵان؛ گزنگی پێکراوی نێوان

سەدەی بیست و سەدەی بیستویەکە

لەناو لەپیدا، پەپوولەیەکی وشکهەڵاتوو

لەسەر لێنزی کامیراکە؛ تەونی جاڵجاڵۆکە...

ئاخۆ مەرگ گەشتێکی سندبادییانەی پڕ لە

سەرکێشییە؟

یان -وەکو جان دەمۆ ئەڵێ- ڕیزێ باڵندەی

بەتریقە، لەژێر خۆرێکی وەنەوشەییدا چاوەڕوانی

ڕزگارکەرێکە...

کەشتییە کاغەزەکەت هەڵدەرە ناو ئۆقیانووس و

ئاوڕ لە جیهان مەدەرەوە

ئاسیا دەڵەورچێکی مقەبای تۆزاوییە؛ هەڵیوەشێنە

و کونەکانی گۆڕەکەتی پێ داپۆشە

نەخشەی وڵات؛ هەر چوار لاکەی ڕۆژهەڵاتە،

بیکەرە کۆلارە و بیسپێرە گەردەلوول

کوردۆکراتەکان بە ڕووتی، تەنیا بە دەرپێقوتەوە

وێنا بکە؛ وەک هەزارپێ، لە پاشەوە لینجاو جێ

ئەهێڵن

شەقێ لە گۆی زەوی هەڵدە

ناولینگی گەنیوی نیشتمان هەڵدڕە.

٢٠١١

بەریتانیا

## هێڕ شمیدتی گۆڵفەر

بەیانیان زوو، بە ترەینەری سپی و شۆڕتێکی خاکییەوە، لە (هیتن پاڕک) سەگە ئەڵمانییەکەی ئەگەڕێنێ و، بە تەنیا یاریی گۆڵف ئەکات. پاشان لەسەر سەکۆیەکدا، لەژێر برژانگە بژ و سپییەکانیەوە، چاو بە سەردێڕەکانی ڕۆژنامەی Daily Mirrorدا ئەخشێنێ. وێنەیەکی سالآنی چلی ئەفسەرێکی نازی، لەگەڵ سەردێڕی: «دواجار، دەستگیر کرا»، دڵی میستەر سمیث، یان هێڕ شمیدت (ناوە ڕاستەقینەکەی) دائەخورپێنێ.

شەوان؛ بێجامە خەتخەتەکانی کامپی ئاوشڤیتز، هۆڵی پڕ لە پێڵاوی کەڵەکەکراو، دووکەڵی

سووتانگەکان؛ ئەبن بە تریشقە و زرمە لە خەونەکانی هەڵئەسێنن. پاش نیوەشەوان، لەناو باوڵێکی کۆنی ژێر سیسەمەکەیدا، جلێکی گێستاپۆی بە دیقەتەوە قەدکراو دەرئەهێنێ و، لەبەر ئاوێنەیەکی زلدا ئەستێرەکانی لە یەخەی ئەنێ. سمێڵێکی کورت بە لێویەوە ئەنووسێنێ و دەستی ڕاستی هەڵئەبڕێ: «هایل هیتلەر!»

ئەم بەیانییە، لەسەر داوای دراوسێکان، پۆلیسی گرەیتەر مانچستەر دەرگای فلاتەکەیان بە سلیندەر شکاند. هێڕ شمیدتی هەشتا و کسوور ساڵە، لەسەر قەنەفەدا ملی لار بووبۆوە. پەرداخی ویسکییە ڕژاوەکەی دەستی توند گوشیبوو. سەگەکەی بە نووزەوە دەست و پەنجەی ئەلستەوە. لە تەلەڤزیۆنی پلازمای شاشە ٤٢دا ئەکتەرێکی کۆمێدی و دەنگی پێکەنینی جەماوەر.

کەس نەیزانی هێڕ شمیدت لە کەیەوە گیانی لە دەست داوە. کەس نەیزانی هێڕ شمیدت لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، سیناگۆگی بەسەر خێزانە جووەکاندا ئەڕووخاند. فەرمانی ئەدایە تیمی ئیعدام و، فیشەکی بەزەییی ئەنا بە نێوچەوانی کوژراوەکانەوە. کەس نەیزانی. کەسیش نازانێ، هەرگیز.

٢٠١٢

بەریتانیا

## ئێوارەیەک لەگەڵ (ئەدیب نادر)دا لە سۆهۆ

لە چاینا تاونی لەندەن،

کچێکی Punkی قژ شین و سووری نێو چوارچێوە، بە نەخشەیەکی زل و، کۆڵەپشتێکی درێژکۆلە و، هێدفۆنێکی پەمەیی؛ بازنەیەکی سووری بە دەوری سۆهۆدا کێشابوو.

وتم: لە لەیدی گاگا ئەچی.

بە خەیاڵ، جلەکانیم یەک یەک لەبەر داکەند. پشتی تێ کردین و، بە ڕووتی، بەرەو سۆهۆ خوار بووەوە.

قەیرەکچانی جامخانە، وەک ئەوەی دوایین ڕۆژی جیهان بێ، بە بیکینی و زەردەخەنەی ساختە و چرچولۆچی لاچاوەوە، نمایشی ئالۆش ئەکەن.

لەسەر کێکی لەدایکبوون؛ نەقشی ئەندامی نێرینە لەودیو پەردەی زەنگیانەی درێژ و دەنکزلەوە، لەسەر شاشەیەکی بەرزدا فیلمی کامەسوترا...

کچە پەنکەکەی چاینا تاون، لەبەر جامخانەی کۆگایەکدا ئەڕوانێتە خۆی: «لەیدی گاگا؟»

ماما میا!

لە ناوەڕاستی شەقامدا؛ کامیرامان و تاقمی فیلم، لەسەر سکەدا پاڵ بە کامیراوە ئەنێن

لەیدی گاگا، بە دوو چاوی پڵینگەوە، چوارچێوەکەی ئەخات و، پۆنچۆ کورتەکەی لە قەد کورسیی سەر شۆستەی بارێکدا هەڵئەواسێ.

فیشکەیەکی بۆ ئەکات کەڵبەکانی دەرئەکەون، له
لاملی کوڕەهاوڕێکەشیدا؛ دوو کونی سوور.

٢٠١٢

## کۆیلەی ژێر ئۆقیانووس

دوو سەدەیە؛ لە قوڵاییی نووتەکی ئۆقیانووسدا ڕاکشاوم، قەرش کەڵبە لە ڕانم گیر ئەکا و، وردەماسی لە دەوری ئەندامی زاوزێمدا ئاپۆرە ئەبەستن، لە دەممەوە دێنە ژووریێ، لە چاومەوە ئەچنە دەریێ. یارام نییە گوریسی تۆڕی پڕ لە بەرد لە قاچم بکەمەوە. چاوەڕێم پەریی دەریا، بە خەندەوە، قورساییی ئاو لەسەر سینگم لابا و بەرزم بکاتەوە. زەوی وەرگەڕێ و ئۆقیانووس بڕژێتە بۆشاییی ئاسمان.

سەمای ژنانی نیمچەڕووتی گوندەکەمان. غاردان بە پێی پەتی لەسەر لمی قرچاو. زایەڵەی ڕەزمی

ئەو تەپڵانەی پڵینگمان پێ ئەتۆقاند، خورپە ئەخەنە دڵی ئیسفەنجیم. بە ڕمێکی درێژەوە خەریکی ڕاوەگامێش بووم، لەپڕا تۆڕێکی ناو خۆڵ و خاشاک بەرز بووەوە و، تا ترۆپکی درەختێک هەڵیبڕیم. بە کەلەپچە و زنجیر پەلکێش کرامە ناو کەشتییەکی چارۆکەدار. پاش دوو مانگ گەشتی دەریایی، لە چەقی ئۆقیانووسدا لە دڕندە سپییەکان یاخی بووین. لە کەشتییەوە هەڵیاندام، شاقووڵی بەرەو قووڵایی. شڵپەی ئاو و پەلەقاژەم هەناوی ئۆقیانووسی هەڵدڕی، سوێراو گەرووی پڕ کردم و هەناسەی لێ بڕیم. کەشتی و چارۆکەکانی لە ژوور سەرما ئەلەرینەوە...

ڕەنگە ئێستا مانگ قڵیشابێ، خۆر بووبێتە پشکۆیەکی خامۆش، کیشوەرەکان نوقمی ئاو بن، مرۆڤ قڕی تێ کەوتبێ

دوو سەدەیە؛ تەکان ئەدەم سەرئاو بکەوم، پڕ بە سییەکانم هەوا هەڵمژم، پێ بنێمەوە سەر زەوی و، لەژێر تیشکی خۆر، یان باران، تێر غار بدەم.

ئابی ٢٠١٢

**شین**

سەری ڕێگاکان ئەبەستمەوە و بەسەر کەلاوەی

سەدەکانا باز ئەدەم

باهۆزی هەستیم ئەخزێتە ناو خەرەندیساڵە

سێبەرییەکانەوە

ڕۆحم ئەچەمێ و ئەکەوێتە بۆسەی خەونە

پەژموردەکانەوە

شەو ئاوا ئەبێ

لەودیو تونێلی ئایینەکانەوە مێژووی ئایندەم

ئەخوێنمەوە؛

سبەی؛ ئەستێرەی ڕزیو

جەستەی شار؛ بۆنی تاتەشۆر

مۆسیقا؛ لاشەی شەقام

سپی؛ ئێسقانی نەورەس و پەری

دەم بۆ ماچی پاکیزە ئەبەم، بەر چزوو ئەکەوێ

دەست بۆ شاری شین ئەبەم، کڕێوە ئەیبەستێ

لەشی کلۆرم تاریکیی تێ بەر ئەبێ

گیانی ژەنگاویم لم ئەیسمێ

لەنێو وەرزە گەندەڵەکاندا باڵم لە خوێن و ئەفیوون ئەژەنم

من شەیتان دروستی کردووم

هاتوو؛ باڵی سێبەری نەدا لە شانم

باریو؛ ئێسکەپەیکەری دەریاچەیەکی دامێ

ئەوین ئاوییە، شار سارابییە، گوڵ سەرابییە، با سێبەرییە

هەستی؛ بۆنی کای میزاویی ناو تەویلەی چاخە کۆنەکانی لێ دێ

دەوران؛ بۆنی کەلاکی بیرەوەری...

خاک؛ بۆسۆی تەمەن...

ئەگەڕێمەوە ناو ئەفسانە زێڕینەکان؛

ئەڕوانمە ئەفرینە قەوزاوییەکانی ناولەپی

دەمامکداران

ئەڕوانمە گوڵە مل لاربووەکانی بەر هەناسەی

ژەهراوی

کێ ئەزانێ

لەبری ڕەگوڕیشە، ئێسکوپرووسک ئەڕوێ و

پەل بۆ گوڵی شۆڕەوەبووی سەر گۆڕەکەم

ئەهاوێ

کێ ئەزانێ

ئاویش وەکو دەوروپشتی چاوم چرچولۆچ ئەبێ

-سێبەرەکەم ئەبڕمەوە و لەگەڵ با-کچدا بەرەو...

ڕۆژهەڵئاوا...

نە باکوور لە باکوورە، نە ئاسمان لە ئاسمان

گۆی زەوی ئەتەقێ و لەناو تیشکی سەرمەدیدا

سەمای کۆنکرێتی ئەکەین

ئەبینە کازیوەی ئەڵماسی

شەو هەڵدێ؛ لەناو شینا کوێخایانە پاڵ ئەکەوم

سەرم بە بوتڵێ ئێوارەی وەنەوشەیی مەست

ئەکەم

پۆلێ کچ ئەفڕێ

بە با بڵێن لمی ڕۆحم کۆ کاتەوە و بیخاتە بەر ئەو

خواوەندەی کەیوانم کردە پەنجەی و تیشکبەندم

لە کەمەری بەست

ئەو خواوەندەی ڕۆژهەڵاتییانە ئەمپەرست،

بەربەرییانە ڕەجمی کردم...

زایەڵەی «ئاهـ...»ی زامێکی خوایی

ژەهرەخەنەی ترس ئەبارێنێتە سەر دڵی گیاییم

هەور ئەفیشکێنێ... گۆڕ ئەلوورێنێ...

کۆچی کیشوەرە یا هەڵوەرینی گیانی لۆکەییی

گۆرانییەکانە؟

زایەڵەی ئاهی زامێ پێم ئەڵێ؛

ئەم کەللەسەرە بۆشە لەژێر هەرێزی خەوناویدا

بشارەوە

-قەلەڕەش دەوریان داوی-

ئەم کۆمەڵەئێسقانە بە با داپۆشە

سێبەرەکەت لەسەر زبڵ و گوفەکی ئاڵتوونیدا

خەوتووە

-سێبەرەکەم ئەسووتێنم، ئەگەڕێمەوە ناو ئەفسانە

زێڕینەکان

وتم گەیشتمە گەیشتن

نە باکوور لە باکوور ماوە، نە ئاسمان لە ئاسمان

ئۆقیانووس بە شوێن مێیەتیی خۆیدا وێڵە

سەدەف ئەبێتە نەهەنگ، یاقووت ئەبێتە ئەختەبووت

–ئەی دەنگی ژەهراوی دوور کەوە لە ڕووباری خوا

ئەوین ئاوییە، گوڵ سەرابییە، شار خەزانییە

ئایندە بۆنی چاخە کۆنەکانی لێ دێ

خۆر بۆنی کەلاکی پەری

شین بۆسۆی تەمەن

١٩٩١

کەرکووک

## سوبحی و سوهەیلە

شوێن تایەی پاسی سەر قیری داغ. سەگی زماندەرهاتووی پەنا سێبەری گەرم. شوێن تەباشیری شلکێن لە کەناری شەقام. دەنگی ئوم کەلسووم لە چایخانەیەکی دارینی بە حەسیر داپۆشراو. بۆنی پیاز و ڕۆنی قرچاو لە کۆڵانی تەنگ.

سوبحی بە ڕیکۆردەرێکی زلەوە؛ ئەمسەر و
ئەوسەری شەقامی دەیان جار تەی ئەکرد
پرچی وەکو بیتڵز دائەهێنا و
وەک تراڤۆڵتا ئەڕۆیشت بە ڕێوە

لە بەردەمی ماڵی سوهەیلەدا، دەنگی عەبدلحەلیم

حافزی هەڵئەبڕی

دەستی بە قژە درێژەکەیدا ئەهێنا و پیتی (S)ی

زنجیرە زیوەکەی ملی بە لێویەوە ئەنووساند

سوهەیلە؛ بە کتێبی گرامەر و، خەندەیەکی

مۆنالیزانەوە، سیمای کاڵی لە پشت پەنجەرەی

تەڵخەوە دەرئەکەوت

لاجانگی ئەخستە پشت گوێی و، پەنجەی بە پیتی

(S)ی ملوانکە ئەڵماسەکەیدا ئەهێنا

سوبحی نە کۆمونیست بوو، نە ئاڵ کاپۆنی

ئەناسی، نە مارتن لووتەر کینگ

نە سەری لە ئەنترۆپۆلۆجیا دەرئەچوو، نە لە

مارکەی ئۆتۆمبێل و جۆری گوڵ و ئاراستەی با

ئەو عاشقی قۆریات و نزار قەبانی و فیلمی سەنگام

و، پێکەنینە بێدەنگەکەی سوهەیلە بوو

نە ئەیویست لەسەر پردی میرابۆدا ڕێ بکات، نە گەشتی سەر یەختی ناو دەریای بەڵتیک بکات

تەنیا ئەیویست؛ بۆنی ڕوومەتی ئەو بکا و لووتی لە لووتی بخشێنێ

بە دوو پەنجە برۆکانی بۆ ڕێک بخا و مستێکی نەرم لە ژێر چەناگەی بدات

لێو بە نەرمەگوێیدا بنێ و، بە زمان ماکیاجی ڕووی بسڕێتەوە...

پاسکیلە کۆنە دەبڵزەنگەکەی قلّپ ئەکردەوە و لە توێی زنجیرە گریساوییەکەی؛ ئەیڕوانییە کچانی «١١ی ئازار»

ئەچەمییەوە و پاکەتە مارلبۆرۆکەی گیرفانی ئەکەوتە سەر زەوی؛ تا لە بابووجە پەمەیییە بێپەنجەکەی سوهەیلە ڕامێنێ و ڕوخساری تیا بشارێتەوە

بۆنی بکا و، پەنجەکانی پێی بکرۆژێ
سەری بە ناوقەدیەوە بنووسێنێ و توند بیگوشێ...
پرچبژ و تەڕ، دڵۆپەباران لە لووتیەوە بە لێزمە ئەچۆڕا
ئەیوت: بارانی کەرکووکە!
ئاوڕی نەئەدایەوە، نەک باڵای سوهەیلە لە نیگای ڕاپسکێ
ئانیشکی ڕووشاوی هەڵئەبڕی: «سەر دیواری سەربان کەوتم»
قوتووی پڕ ئەکرد لە خۆڵ و چەگلی شوێنپێی سوهەیلە و، لووتی تیا ئەژەنی
بە پاسکیلەکەی پێچی ئەکرد و، پێیەکی ئەخستە سەر شۆستەی ئەوبەریماڵیان
ئەیوت: لەژێر ئەم شەقامەدا بمنێژن

ئەیوت: لاشەکەم بسووتێنن و خۆڵەمێشەکەی
بەسەر ماڵەکەی ئەودا بپرژێنن
سوهەیلە؛ بە ڕوویەکی تووڕەی خەندەئامێزەوە
وەرئەسووڕا و پەلکی درێژی وەکو پرچی ئاشا
پاریخ ئەلەرییەوە
سوبحی (یان ئالان دیلۆنی گەڕەک) پێی لە قەراغی
پەنجەرەیەکی نزم دائەنا و
بە قەڵەم کاسێتەکەی عەبدلحەلیمی ئەگێڕایەوە
ملپێچەکەی وەکو قرەوێت ئەبەست و
کاتژمێرەکەی وەرئەگێڕایە ژێر مەچەکی
جگەرەیەکی ئەخستە پشت گوێی و، قڕغن،
بێهۆش، بە کۆڵانە خواروخێچەکاندا ئەسووڕایەوە
دەستی بە مێخە زلەکانی دەرگا دارینەکەی ماڵیاندا
ئەهێنا، داوی جاڵجاڵۆکە ئەلکایە پەنجەی،
ڕایئەوەشاند و لە پانتۆڵەکەی ئەسوی

دەستی بە دیوارە ڕزیوەکەیاندا ئەهێنا و ڕێڕەوی
مێرووولەی ئەگۆڕی
بە خەتێکی نارێک ئەینووسی:
نە یازوخ کی ئۆلەجەغەم
بیر داها سەنی گوێرمەیەجەغەم
(مخابن ئەمرم و/ ئیتر ناتبینمەوە)
شیشی مەرقەدی لاشەقامی توند ڕائەوەشاند و
پەڕۆ سەوزەکەی بۆن ئەکرد
سێ چوار جیقنەی شل، بەر لەوەی بتکێتە سەر
قۆندەرە جیڕەدارەکەی، بەر شان و یەخەی
ئەکەوت
تاکەنەعلی وەرگەڕاوی ڕاست ئەکردەوە و، پەنجا
فلسییەکی ئەخستە ناو مشتی دەلی سەبیح
شاخیلەی شکاوی پەپوولەی لە دەمی مێرووولە
دەرباز ئەکرد و، ئەیخستە سەر لەپی

لەسەر شۆستەدا بە ناوکەخورما دامەی لەگەڵ

مەحەلەبیفرۆشێکدا ئەکرد و، ئەدۆڕا

گسکی کلکدرێژی ئەکردە گیتار و لاساییی عومەر

خورشیدی ئەکردەوە

بەرامبەر مێردمنداڵێکی شەپقەلەسەر، وەکو

ڕۆهاید ئەوەستا؛ پەنجەکانی ئەکرد بە دەمانچە و

پاشان فوویەکی لێ ئەکرد

لە پشتەوە پاسکیل لە شانی ئەکەوت و پێی

ئەکەوتە نێو سیاناوی ناوەندی کۆڵان

سەگی نووستووی پەنا سێبەر هەڵئەبەزییە سەر

دوو پێی پێشەوە و، گوێیەکانی بۆ قوت ئەکردەوە

دەستی بە بڕبڕەی پشتیدا ئەهێنا، خۆی ڕائەتەکاند

و چڵکاو ئەپرژایە ڕووی...

پاسکیلەکەی لە بەردەرگا ئەخست و، ئەهات بۆنی

لەچکەکەی دایکی ئەکرد

لەژێر غرەغڕی پانکەی بنمیچدا لەسەر سک ڕائەکشا؛ لە ناولەپیدا ئەینووسی و لەتەکاغەزی قۆپیەی ئەخزاندە نێو قۆڵی هەڵکراوی کراسەکەی خەو ئەیبردەوە و لیکی لالێوی ئەچۆڕایە سەر پشتی دەستی

❊❊❊

سوبحی، ڕوانینی یەکەمین باڵندەی سەر ڕووی زەویی هەڵگرتبوو

ئەوەی ئێمە ئەمانبینی، ئەو بە چرپە دەریئەبڕی

ئێمە لەنێو پێنج کیشوەردا گیر مابووین، ئەو زمانی لە نەیزەک ئەسوی

ئێمە بە چنگاڵ شوورەی مێژوومان هەڵئەکۆڵی،

ئەو لەسەر مێزێکی لەقدا، تریفە و نەفرەت و کاکاوی ئاوێتە ئەکرد و بە لووت هەڵیئەلووشی

❊❊❊

سوبحی لە بەرەکانی جەنگدا؛ تانکەکەی بەر مووشەک کەوت و مەترێک هەڵبەزی

بە تاکێ پۆستاڵ و پێیەکی پەتی، ئەژنۆ زامدار و ناولەپ خوێناوی، لەسەر لمی داغ، بەناو تەلبەندی ژەنگاویدا غاری ئەدا؛ خێسەی سینگ و ڕەشکەوپێشکەی بەرچاوی. مەتارەی قوپاو و قوتووەگۆشتی شکاوی سەر لم. جرجی تۆپیو بە تەڵەزمی گوللەتۆپ. چینکۆی قوڕاویی سەنگەری تەپیو. پوورەزەردەواڵەی دەوری لاشەی لە بەتانی پێچراو.

سوبحی کەوتە ناو بۆسەی سوپایەکی ڕیشدار و، ئەسیر شد

❊❊❊

ئێستا هیس و جیقنەی وشک و گەرای مێش و،

ماچە هەڵدراوەکانی سوبحی، پەنجەرە ڕزیوەکەی

سوهەیلەیان تەنیوە

لە قەد کێلی گۆڕەکەی سوبحییش؛ ملوانکەیەکی

پیتی S، جارناجارێ ئەلەرێتەوە

هەورەبرووسکەی ئێوارەی نووتەک، لادیواری

نیمچەڕووخاوی ماڵەکەی سوهەیلە، بۆ تاوێک

ڕۆشن ئەکاتەوە:

(............

بیر داها سەنی گوێرمەیەجەغەم)

٢٠١٥-٢٠١٣

بەڕیتانیا

## پێ بە کلکی شێرێکی نووستوودا ئەنێم

لە ناکاو تەنێکی ئاسمانی بەبن گوێما گڤە ئەکا و
بەر نووکی لووتم ئەکەوێ
تالیبەرێک لە لاقەبڕغەم ئەچەقێ و لەگەڵ ڕێکردنما
ئەلەرێتەوە
وەک مردوویەک لە ناکاو چاو بکاتەوە
وەک پەیکەرێک لە نیوەی شەودا بە ڕووما بقیژێنێ
لە ژوورێکی بێدیوار و زەمینە و بنمیچدا وێنەی
خۆم بە پیری ئەبینم دائەچڵەکێم؛
هەردوو پێم چەپە، ڕووم لە پشتەوە
پرچم، دڕکودالّی خوار تەلبەندی تێکشکاوی
ئۆردووگایەکی تەپیوە

دەستم، قولاپی ژەنگاویی دوورەکەناری ڕووباریٚ

ئەژنۆم ئەژنۆی میٚشەنگ و چاوم دەنکەتەسبیح

زمانم مۆز، بیرم بارانی ئەسید

قەفەزی سینگم؛ کەڵبەی قەرش

دڵم کۆندۆمی سپیٚرماوی

سەرم میتاڵی کرۆم و، میٚشکم زەرنیخ و چیمەنتۆ

من هەڵاتووی ناو بورکانی تابلۆیەکم؛ شلەبەردی

ئاگراویی لیٚ ئەڕژایە سەر کاشیی پیشانگا

لە کونەڕیٚوییەکی تەنگ سەرم دەرهیٚنا و لە ناکاو

شلٚپە لە ناوچەوانمەوە هات نازانم فیشەک بوو

نەیزەک بوو

لەگەڵ سووڕانەوەی زەویدا بەر بوومەوە

چاڵە ڕەشەکان هەڵیانلووشیم

لە هەسارەیەکی تاریکدام ناوبەناو لە ئاسمان

ئەخشیٚ و

پڕیشکی؛ شوێنپێی زلی ناو قوڕاو ڕۆشن ئەکاتەوە

زریکەی دارخۆڵەمێش و، فۆسیلی ملیۆنان ساڵەی

مامووت و، مەکینەیەکی لەکارکەوتووی زەمەن.

خوا پەنجە بە دوگمەیەکدا ئەنێ؛ هەسارەیەک

ئەتەقێ

بە تووڕەیی ئاوڕ لە زەوی ئەداتەوە؛ زەوی

ئەلەرزێ

زنجیرێک لە ئاسمانەوە شۆڕ ئەبێتەوە؛

ئەژدیهایەک بە نەڕەنەڕ سەر ئەخات

خۆڵەمێشی تیشکی گەرم ئەوەرێتە سەر مووی

بازووم

نیوەشەوێک بە قیژەی پیرێژن بە ئاگا دێم. قیژە

ئەبێ بە سەدای قاقا

ئێسکەپەیکەری دەستێکی زل، بە ڕیتمێکی ڕێک، بە

نووکی پەنجە لە پەنجەرەکەم ئەدات

برووسکێک بە تەوقی سەرما دێ. گوڵاڵە ڕەشەکانی دەوری گورچیلەم لە دەممەوە سەر دەردێنن

بە دەرپێی کورتەوە خۆم ئەگەیەنمە دالان؛ جیڕەجیڕی دەرگای والا. زڕەی کەوچکی هەڵدراو لە متبەق. نەڕەی دووکەڵ و، زیڕەی جنۆکە

لە ناکاو گڵۆپی توالێت دائەگیرسێ

شوێنپێی تەڕی سەر پێپلیکانەکان. پارچەشووشە و دەمامکی نیمچەسووتاو.

کلکی مارێک ئاوی توالێت ئەشڵەقێنێ و خۆی ون ئەکات

دەست بۆ دەسکی دەرگا ئەبەم؛ قیژەی لێوە هەڵئەستێ

لەناو لیک و ئارەقەدا لە خەو ڕائەچڵەکێم؛

به قاچی نەعامه و شاخی گامێش و کلکی بەرزی

سمۆرەوه خۆم ئەبینم

جنۆکەیەکم له ژێرزەمینی نووتەکی خانوویەکی

جێهێڵراودا، به فیکەی بنیادەم هاروهاج ئەبم و

ئەقیژێنم

ژەنگی بنی پێم له سمارته ئەدەم و به شەقامه

پشکۆڕێژەکاندا پیاسه ئەکەم

لەناو سەرما؛ هارمۆنیکای (ئینیۆ مۆریکۆنی) و

وێنەی پێنج کاوبۆی پاڵتۆدرێژ بەرامبەر

مێردمناڵێکی دەبەئاو لەباوەشگرتوو

جووەکان له مووسا یاخی ئەبن و به دەوری

گۆلکێکی زێڕیندا ئەخولێنەوه

له شەقامێکی قەڵەباڵغدا لەشکری ئاشوورییەکان

به تیر و کەوانەوه مارش ئەکەن

قەشە و فەلەکناس، پشت لە یەک، دە هەنگاو ئەنێن
و لەگەڵ ئاوڕدانەوەدا ڕووی دەمانچە لە یەک
ئەنێن...

هەزاران باڵندە لە ژوور سەری پیرەمێردێکدا
ئەفڕن؛ لە جەنگی ڕزگاریدا پاڵەوانی نەتەوەیی
بوو، ئێستاش نیمچەشێت

لە جامی ئاودییەکی شاهانەوە سەگێک پێم
ئەوەڕێ، ڕائەچڵەکێم

سەر بە چێشتخانەیەکدا ئەکەم؛ لەژێر مێزەکاندا بە
سکەخشکێ خۆم ئەگەیەنمە ڕانی ژنێک. هەموو
هەڵدێن و قاپ و چەنگاڵ و کورسیم تێ ئەگرن

سەر بەرز ئەکەمەوە، لە جامی چێشتخانەکەدا
خۆم ئەبینم؛ من ماری ئەناکۆندام!

لە ئاهەنگێکدا، لەسەر شانی ڕووتی ژنێکی
قژزەرددا خۆم ئەبینم؛ بە قاچ گوێم ئەخورێنم.

ئاهەنگگێڕەکان بە قاقاوە دەستم ڕائەوەشێنن.
دەستێک تەپەتەپ لە پشتم ئەدا. وەرئەسووڕێم؛
مۆزێک بە دەستیەوە، لە چاویلکەکەیدا خۆم ئەبینم؛
من مەیموونم!
ئەگەڕێمەوە ناو جەنگەڵ؛ مەیموونەکان بە قیژەقیژ
سەر دارودرەخت ئەکەون و ئەمچڵ و ئەوچڵ
ئەکەن. لە قیژەیان هەڵدێم تا ئەگەمە سەر
گۆلاوێک، دائەنەوێم؛ من مرۆڤم!
مرۆڤێکی درێژکۆلەی بێدەست و قاچ، لە پێستی
مار، لە قوژبنی بنمیچی دارینی نزمی کۆختێکدا،
شەڕی پارتیزانی لەگەڵ جوتیارێکدا ئەکەم بە
خاکەنازەوە بۆم دێ.
بە شەش قاچ و چوار باڵ و دوو شاخیلەوە، لە
پەناگوێی ژیشکێکی تۆقیودا خۆم ئەبینم

بەرەو گۆلاوێکی پڕ لە تیمساح هەنگاو ئەنێم، لە پشتمەوە؛ پێکەنینی ترسناکی کەمتیار و، ژوور سەریشم؛ قیژەی واشە

پێ بە کلکی شێرێکی نووستوودا ئەنێم. خۆم بە ورچێکدا ئەکێشم. پێم لە مارێکی سڕ هەڵئەکەوێ و ئەکەومە سەر پشتی تیمساحێک

لەناو لیک و ئارەقەدا لە خەو ڕائەچڵەکێم؛

لەشم نوقمی لمە. سیسارکەکەچەڵێک چڕنووکی لە برۆم گیر کردووە. بیست مەترێک لەولامەوە خێڵێک کەمتیار بە ئەسپایی بۆم دێن، پاشان بە غاردان

٢٠١٩-٢٠١٧

بەڕیتانیا

## گۆڕێکی ئەڵمانی

مشکێک بە پاژنەی تاکێ پێڵاوی بۆیاغنەکراوەوە
هەڵئەزنێ و ددانە چەماوەکانی لە گۆرەوییە
شڕەکەی ناوی گیر ئەکا و ڕایئەکێشێ
سوپایەک مێروولە، هەزارپێیەکی مردوو بە
دیواردا سەرئەخەن و لە درزێکدا ئاودیو ئەبن
کوللەیەکی قاچشکاو، لەسەرخۆ، بە خاچی پەیکەرە
بچووکەکەی مەسیحدا هەڵئەشاخێ
ئایکۆنێکی گەورەی مار گریگۆریۆس بە جبەی
کەهنووتی و گۆچانی خاچزێڕین، درز و شێی
دیواری داپۆشیوە

وێنەیەکی بێجامی خاچیک، دەستی خستۆتە ژێر چەنەی؛ تا کاتژمێرە ئاڵتوونییەکەی مەچەکی دەرکەوێ

جزمەی قوڕاوی و بەدلەی نەوتاویی دەرقنهەڵوەشاو. بازنەی تەڕی ژێرپیاڵە و قاچی جاڵجاڵۆکە لەسەر بەرگی ئەتڵەس. خرمەخرمی سیسرکی سەر نانەڕەقە. مێشی نێو پیاڵەچا. سەتڵی ژێر تنۆکەبارانی بنمیچ. شووتی شەمەندەفەری کۆمپانیای نەوت. فیکە و چەپڵەی سینەما حەمڕا

خاچیک جگەرەکەی لێوی بە سۆپاوە ئەنووسێنێ، داناگیرسێ

بە قۆڵی چاکەتەکەی، تۆزی سەر (حەسرەتی ئەفیوونی) لائەبا و بە قووڵی بۆنی ناوی خۆی ئەکات

پاشماوەی چایە گەرمەکەی هەڵڕشت
دەیان وردەزیندەوەری بە چاو نەبینراوی کوشت
زەردەواڵەیەک بەر لەوەی لە پشت ملی بنیشێتەوە،
تەکان ئەدا و کتێبێکی پیا ئەکێشێ
زەردەواڵە وەک هەلیکۆپتەر ئەکەوێ و بە دەوری
خۆیدا ئەخولێتەوە، دیسان بەرز ئەبێتەوە و خۆی
بە پەنجەرەدا ئەکێشێ
لەناو شەڵتەی تەڕی پاسکیلەکەیدا؛ دوو هێلکەی
قەقنەس، شیری چەقەڵی حەبەشی، شەویلاگی
گورگ، ئێسقانی نەهەنگ، ئینجیلێکی تەڕ و بێبەرگ،
بالادێک بۆ ئەرمینیا
کەڕووی ئاو و کلکی کرم و قەرسیلی
خۆڵەمێشاوی
باخچەی کێک و لیکی بۆق و ڕەنگی هەڵە و
خواوەندێکی قوڕقۆشم

لۆکەی قەد برینی جێمووسی چەناگەی، با ئەیبا

و بە یاڵی قاوەییی ئەسپی گالیسکەیەکی سەر

شەقامەوە ئەلکێ

لە بالکۆنە ڕزیوەکەیدا بە ڕۆب و قاتێ بێجامەی

چڵکنی ئەژنۆدەرپەڕیو، ئۆپێرایەکی ئەرمەنی

ئەڵێتەوە

فیکە و جڕتی قەساب و جگەرەکێشەکانی چایخانە.

خڕەی داخستنی دەڕابە و بۆڕەی مانگائاسای

پیکابی شۆڤرلێت

خاچیک لێوی سەرووی وەکو ئەسپ بەرز

ئەکاتەوە و ئەپڕمێنێ

سەعاتی چاڵمە لێ ئەدات، مشک تاو ئەداتە ژێر

قەریۆڵە

تووکی پشیلەی قەد بیجامەکەی تاڵ تاڵ لائەبا و،

تفێک بۆ قاقلەجنۆکەی بن دیوار ڕۆ ئەکات؛ تێی

بەرئەبن

قاچ هەڵئەبڕێ و تەڵەشقارتەیەک لە بنی پێڵاوەکەی

ئەخشێنێ، داناگیرسێ!

خاچیک شاقووڵی ڕێ ئەکا و شاقووڵی بیر

ئەکاتەوە

حەز ئەکات بە بەلەمێکی پلاستیکیی فووتێکراو

بگاتە ئەوروپا؛

لە پاریس، لەناو ترامێکدا لووت لە پرچی کچەکەی

پێشی بژەنێ و زمان لە پشت ملی بسوێ

لە (کاسکاد)ی یەریڤان، لەسەر پەیژەیەکی بەرین

لەسەر لا پاڵکەوێ و «ئیگور ئیگور ئاغفور

ئاخچیک» بڵێتەوە

لەسەر پردی قفڵەکانی (کۆڵن)ـەوە خۆی شۆڕ

بکاتە سەر ڕووباری ڕاین

لە پاڵ تاوەری کاتژمێرەکەی بەرلینی ڕۆژهەڵاتدا،

بە بیانووی چەرخ، بە ئەڵمانییەکی تێکشکاو سەودا

لەگەڵ سۆزانییەکی تایلەندی یا ڤییەتنامیدا بکات،

ئەوانەی چاویان وایە

لەسەر گۆڕەکەی برێخت تاوێک ڕاکشێ و (دایکە

ئازا) بە ئەڵمانی بخوێنێتەوە

شەپقەیەکی ڕەش بە دوو زوڵفی درێژەوە لەسەر

بکا و باجی ئەستێرەی داود لە یەخەی ببەستێ و

بڵێ: شالۆم

لە لەندەن بە پیرێژنە شەپقەمۆرەکەی دراوسێی

بڵێ «مێری کریسمەس» و، ملی سەگەکەی

بخورێنێ

لە ئیستانبوڵ لە پاسێکی سووردا دەست بە ئەڵقەی
بنمیچەوە بگرێ و لەگەڵ هەر وەستانێکی پاسدا
خۆی بە ژنە تورکێکی قەڵەودا بکێشێ
لە ڕۆما بەرامبەر (سۆفیا لۆرێن) ڕۆڵ ببینێ و،
پۆزێکی گێلانە بۆ کامیرای پاپاڕاتسییەکانی بەر
پەنجەرە لێ بدات
بە ئومێدی گەڕانەوە سەنتێک بە پشتا هەڵداتە ناو
حەوزی (ترێڤی)یەوە
لە مەدرید، لەپێناو مشتێ دۆلاردا، خۆی بکاتە
هێستری بارۆنێکی کۆلۆمبیی مادە هۆشبەرەکان
شەپقەیەکی مەکسیکی لەسەر بکا و بڵێ: ئەدیۆس
ئەمیگۆ
حەز ئەکات
ناوی گێڵفرێندەکانی؛ ئێما و گلۆریا و ئیزابێل و
تاتیانا بێ

هاوڕێکانیشی؛ ئەلیخاندرۆ، جیۆڤانی، یارۆسلاڤ، کونتا کینتێ

سکۆتلەندییەک بە تەنوورەی کیڵت و زوڕنای باگپایپەوە

ئەپاچییەک ناوی «بازی دووسەر» بێ

یەکشەمموان لە کەنیسەیەکی مانهاتن لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا Amazing Grace بڵێتەوە

لە مەیدانی تایمز سکوێر دۆلارێک بخاتە ناو شەپقەی سەکسەفۆنژەنێکی ڕەشپێست و،

لەگەڵ خۆپیشاندەراندا هاوار بکات؛ Make Love Not War

لە سان فرانسیسکۆ شەوان لەگەڵ هیپییەکاندا خۆی بە ئاگری ناو بەرمیل گەرم بکاتەوە و پرسیاری (سەرگۆن پۆڵس)یان لێ بکات. بارۆکەیەکی جامایکیی پەلکلوول لەسەر بکا و

ملوانکەی mooroowi دەنکزل لە مل بکا و تاتووی
چاریزارد لە بازووی بدات
حەز ئەکات لە هۆڵی سینەمایەک، لە خەڵوەتگەیەکی ڕاهیبەکان، لەناو سکی گایەکی باڵداری موزەخانەی بەڕیتانیادا بنێژرێ
-هێشتا ناوم (خاچیک گرابێت ئایدنجیان)ـە
ترپەی پێی ئەسپێ و مێرووڵەش ئەبیستم. بە چەپڵەیەک هەرەس بە چیا ئەهێنم. بە کاشیی شین ئاسمانێکی دووسەد مەتری دروست ئەکەم. مستێک لە گۆی زەوی ئەدەم وڵاتان بە یەکدا ئەدەم؛ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دائەبڕم و تووڕی ئەدەمە ناوەندی ئۆقیانووسی هیندی
ئەستێرەیەکی نزم و تیژڕەوی گەورە و گەش...
-ئەسپەکەت ڕاگرە!
ئەستێرە نییە، فڕۆکەیە

بە پێڵاوی قوڕاوییەوە بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

گووپی شۆڕت هێشتا بۆنی سابوونی لۆکس و

هەڵمی حەمام عەلی بەگی لێ دێ

ورگی تووکنت فەرووی ئاژەڵێکی قڕتێکەوتووە...

سیسرکی فلیقاوی قەد دیوار. مشکی تۆپیوی ناو

تاوە. کوللەی بێگیانی قەد خاچی مەسیح. مێشی

ناو پیاڵەچا.

خاچیک تاکێکی قۆندەرە بۆیاغنەکراوەکەی قلّپ

ئەکاتەوە و مشکی تۆپیو ڕۆئەکاتە ئاوەڕۆی

هەیوان و، لەگەڵ هێڵنجدانا بۆق لە زاریەوە

دەرئەپەڕێ

نەفرەتی ئەپۆلۆیە لە ئەڵقەی بێپشتێنی پانتۆڵەکەت

گیر بووە و لە ڕۆخی گۆڕێکی ئەڵمانیدا ڕائتەگرێ

-هێشتا ناوم خاچ...

سەبەتەیەکی پڕ لە بەرد و خۆڵی قەڵا و
تووتکەسەگێکی وێڵی ناو خاسەی بۆ ئەبەم
لە تەنیشت گۆڕی فریشتەیەک، کە تیرێک گەرووی
سمیبوو
تاجەگوڵینەیەک لە قەد خاچی کێلەکەی هەڵئەواسم
و ویسکیی بەسەردا ئەپرژێنم
ئەخزێمە ناو گۆڕەکەی و لە تەنیشتی ڕائەکشێم
بە پشتی دەست، سیسرک و کرم و جرجی قەد
کفنەکەی لائەدەم و باوەشی پیا ئەکەم
پرخەیەکی بەرز و کورتخایەن ئەکات و ئەنوێ
بۆ ملیۆنەها ساڵ ئەمرێ

٢٠١٩-٢٠١٧

بەریتانیا



# A RIMBAUDIAN LIFE

AZAD ASWAD